# خانوویەك بەسەر بۆمبەوە

## لەپەیوەند بە هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ سەرکۆماری عیراق
## گفتوگۆی بڵاوکراوەی (کمونیست) لەگەڵ کورش مودەڕسی

**وەرگێرانی لە فارسییەوە: محمـد غفـور**

***کۆمۆنیست:* جەلال تالەبانی بووە سەرکۆماری عیراق، ئایا ئەمە بەمانای سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکە بەسەر بزووتنەوەیەکی دیکەدا؟ ئایا ئەکرێ بڵێین ئیسلامی سیاسی دۆڕا؟**

*کورش مودەڕسی:* نا بەهیچ جۆرێك كەس ناتوانێ وا بڵێ. بوونی جەلال تالەبانی بەسەرکۆمار دیاردەیەکی کاتییەو رەنگدانەوەی هیز هاوسەنگییەکی کاتییە. بەپێچەوانەی رەوتە ئیسلامییەکانو ناسیونالیزمی عەرەبەوە، ناسیونالیزمی کورد بانگەشەو توانای سیاسی وئایدیۆلۆژی حکومەتکردنی نییە بەسەر عیراقدا. جەلال تالەبانی لە عێراقدا نوینەری هیچ بزووتنەوەیەکی سەراسەری نییەو بوونیشیان بەسەرکۆمار نیشانەی سەرکەوتن نییە بەسەر بزووتنەوەیەکی سەراسەریدا، یانی بەسەر رەوتیکی وەکو ئیسلامییەکاندا. تاڵەبانی نوینەری بەشێکی بچووکی ناسیونالیزمی کوردە (یەکیتی نیشتمانی کوردستان)، کە لە هیزهاوسەنگییەکی لەرزۆکدایە لەگەڵ بەشەکانی تریدا. باڵە جیاوازەکانی ناسیونالیزمی کورد بەردەوام لە کێبەرکێیان لەدژی یەکتر لەگەڵ دەولەتی عیراقدا یەکیانگرتووە. سەرکۆماریی تالەبانی بەمانای هیزهاوسەنگییەکی کاتییە. ئەگەر وەزع بەم شیوەیە بڕواتەبەرەوە بەداخەوە کارەساتی ئەصلی لەعیراق هیشتا بەرێوەیە.

هەلبژاردنیك کەئەمریکا لە عیراق سازیکرد، وەکو پیشبینیمانکردبوو بەسەرکەوتنی ئیسلامییەکان تەواوبوو. خوارووی عیراق بەرەسمی درایە دەستی رەوتە ئیسلامییەکان، بەڕەسمی وەکو هیزی ئەصلی سیاسی عیراق بەرەسمی ناسران. ئەمرۆ ئامادەن سازشیکی کاتیی لەگەڵ ناسیونالیزمی کورددا قبوڵبکەن. گرنگترین بەلگەکانی کاتیبوونی ئەم سازشە ئەمەیە کەبەرلەهەر شتێ مەوقعییەتی ئەمرۆی عیراق بەرەنجامی هیزهاوسەنگییەك نییە لەنیوان هیزە سیاسییەکانی عیراقدا. بەرەنجامی وجودی ئەمریکایە لەعیراق وئەم وجودەشی نەئەتوانێ هەمیشەیی بێ نەباردۆخەکەش هەمیشەیی بوونی نیشاندەدات. عیراق ناتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودریژ وولاتیکی داگیرکراوبێ. لەئاکامدا درەنگ یازوو کۆمەلگای عیراق لەریگای یەك دەورەی تیکەولیکەی دیکەوە بەئاراستەی هەلومەرجیکی سەقامگیرتردا پاڵپیوەدەنرێ.

فیدرالیزمی قەومی لەعیراقدا، یانی لەووڵاتیکدا کەبە"هیممەتی" ناسیونالیزمی کورد وعەرەب هەر "قەومیك" "بەختیاری" خۆی لەسەر بناغەی زەلیل بوونی ئەوی تر داناوە، دیاردەیەکی نامومکینە. ئەوەی ئەمرۆ لەعیراق زاڵە نەفرەت وکینەی قەومییە. نەفرەتێ کە هیچکاتێ بەئەندازەی ئەمرۆ قوول، رەشو خویناوی نەبووە. ناسیونالیزمی عەرەب ساڵانیکی زۆر کوردستانی لەخوین هەلکیشاوە، ناسیونالیزمی کوردیش لە زووخاوچەشتنو کوشتنی شینەیی خەلکی عیراقدا شەریکبووە لەریگای گەمارۆی ئابوورییەوە لەدەیەی رابردوودا و لەمیانەی داگیرکردنی عیراقدا لەلایەن ئەمریکاوە. هەردوو ناسیونالیزم خەلکی بێگوناهی "لایەنی بەرامبەر" بەمەسئول دادەنین. ئەمرۆ بەرەسمی لەزۆر ناوچەی عیراقدا ئەگەر بزانرێ کوردیت دەتکوژن ولەناوچەکانی تریش ئەگەر بزانرێ عەرەبیت هەر ئەو بەڵایەت بەسەردینن.

عیراق بۆ سەقامگیریو کۆتاییهاتنی لیکترازانی ئیستایدا چەند ریگا زیاتری لەپیشدانییە. بزووتنەوەیەك دەتوانێ لەعیراقدا هەلومەرجی سەقامگیر بهینیتە ئاراوە کەریگاچارەی سەقامگرتووی پێبێ بۆ عیراق. ئەو ریگایانە ئەمانەن: یەکەم دەسەلات پەیداکردنەوەی سەرلەنوێی رەوتی ناسیونال فاشیستی عەرەبی (بەعسییەکان یان شتێکی لەبابەت ئەوان). ئەمانە لەریگای هیزەوە ئەتوانن وەك سەردەمی صدام بەسەرکوتو قەتڵوعامی خەلکی لە عیراقو کوردستاندا سەرلەنوێ عیراق "یەکپارچە" بکەنەوەو باروذۆخیکی جیگیرتر بەرپابکەن. ئەمرۆ بەشوین شکستی ئەم رەوتەدا لەبەرامبەر ئەمریکاو نەفرەتی خەلك لەحکومەتی صدام ئەم هیزە لاوازە، بەلام لەباردۆخی داماویو دلەراوکێی ئاکامی لیکترازانی هەلومەرجەکە نابێ لەدریژماوەدا هەروا حیساب لەسەر ئەم لاوازییەی بکرێت. ریگاچارەی دووەم، دامەزراندنی جمهورییەکی ئیسلامییە لەعیراقدا. ئەمەشیان بەشیوەی جمهوری ئیسلامی ئیران بەسەرکوتی خویناوی خەلك ئەتوانێ، حکومەتی خۆی بەسەر تەواوی عیراقدا بسەپینێ. ئەگەر ئەمرۆ دەست بۆ ئەم کارە نابات لەبەر ئەوەیە کەهیشتا ئامادەیی پیویستی پەیدانەکردووە. هەرکاتێ ئەو ئامادەییەی هەبێ، یانی هیزهاوسەنگی بگۆررێ، رەوتی ئیسلامی هیچ گرێبەستێك بەرەسمی ناناسێ. دەسەلات وەك هەمیشە لەلولەی تفەنگەوە دێتەدەر. رەوتی ئیسلامی بەتووندیو بەخیرایی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیمکانییەتە ئامادەدەکات. ریگای سێیەم، دەسەلاتداریتی دەولەتیکی نەقەومی نەمەزهەبیی ئازادە کەپایەکانی خۆی لەسەر

دەخالەتی راستەوخۆی خەلك دانابێ بۆ بڕینی دەستی ئەمریکا، ناسیونالیزمی عەرەب وکورد ورەوتە ئیسلامییەکان بەسەر ژیانی خەلکی عیراقەوە. ئەمە بزووتنەوەیەکە کە لە توانایدا هەیە لەسەرانسەری عیراقدا سەقامگیری دامەزرێنێ. سەرەنجام ریگایەکی تریش جیابوونەوەی کوردستانە لەعیراقو بەگشتی گۆرانی جوگرافیای قەومیی عیراقە. لەم راستایەشدا هەم خەلکی لە کوردستانی عیراقو هەم لەبەشی عەرەبنشینی عیراقدا دەبێ هەریەك حیسابی خۆی لەگەڵ ناسیونالیزمی خۆیدا رۆشنکاتەوە. بەمجۆرە ئەم ئیمکانە دیتەئاراوە کەنفوزی ناسیونالیزم بەسەر خەلکەوە کەمبیتەوە، ململانێ، کیشمەکیشو هەرەشەی قەومی کەمبیتەوە وخەلکی هەریەك لەبەشەکانی عیراق بتوانن لەدیاریکردنی ئاراستەی ئایندەی خۆیاندا دەخالەت بکەن.

لەسەر ئەم خشتە سیاسی-قەومییە لەعیراقدا، جەلال تالەبانی نوینەری سەرکەوتنی هیچ کەس نییە. نوینەری هیزهاوسەنگییەکی کاتییە کە یاریکەرانی ئەصلی کۆمەلگا بەخیرایی خەریکن دەیگۆڕنو ئەم هیزهاوسەنگییە بەخیرایی دەگۆڕێ.

**_کۆمۆنیست:_ ئایا جەلال تالەبانی ئیمکانییەتو توانای یەکپارچەکردنی دەولەتی عێراقی هەیە لەژێر چەتری ناسیونالیزمی کورددا؟ ئەم کارە کردەنییە؟**

_کورش مودەرسی:_ پیشتر ووتم کە بەپێی ماهییەتەکەی ناسیونالیزمی کورد ناتوانێ عیراق "یەکپارچە"بکات. بۆ ئەم مەبەستە ناسیونالیزمی کورد دەبێ ئیدیعابکات کەبەسرا وبەغدا "هی" "کورد"ە. ئەمە ئیدیعایەکە کەناسیونالیزمی عەرەب بەسەر سلیمانیو هەولیرەوە هەیەتی. ناسیونالیزمی کورد بزووتنەوە وئایدۆلۆژیایەك نییە بۆ حکومەتکردن بەسەر عیراقدا. بزووتنەوە وئایدۆلۆژیای شەریکبوونە لەدەسەلاتدا. هەرئەوەندە. تەنانەت ئەمرۆ لەکوردستان جورئەتناکەن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەن. ئەگەر ئەمریکاو جەنگی کەنداو نەبوایە ئەمرۆ تالەبانیو بەرزانی لەتاران یالەجیگای تر دوور لەعیراق دەبوون. ناسیونالیزمی کورد وەکو هەمیشە خەریکە لەسایەی کێشمەکێشو درزو کەلەبەری نیوان دەولەتانی ناوچەکەدا دەژیت، کەئیستا ئەمریکاشی بۆ زیادبووە. ئەم کێشمەکێشو کەلێنانە دروستدەبنو لەنیۆدەچن وە لەگەڵ ئەمانیشدا ناسیونالیزمی کوردیش هەلدەکشێو دادەکشێ. جیگاوریگای ئەمرۆیان کاتیو راگوزەرە.

**_کۆمۆنیست:_ ئەلین دوای هەلبژاردنی جەلال تالەبانی ئیتر سەربەخۆیی کوردستانی عیراق پیویست نییە. ئیوە چی دەلین؟ ئەگەر وەزعی ئیستا کاتییە، کام ئەلتەرناتیڤانە لەبەردەم خەلکی عیراقدان؟**

_کورش مودەرسی:_ پیشتر باسم کرد، پیموایە بارودۆخی ئیستا کاتییەو هیزهاوسەنگی ئیستا لەرزۆکە. لەواقعدا لەناو دلی ئەم ناسەقامگیرییەدا مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان گرنگییەکی زیاتری هەیە. کەسێ کەبەتەنگی خەلکەوەبێ چ لەکوردستان وچ لەبەشەکانی تری عیراقدا لەسەری پیویستە زیاتر پێلەسەر بەرپاکردنی ریفراندۆم داگرێ. مادام کەناسیونالیستەکانو ئیسلامییەکان لەعیراقدا بەهیزن مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان گرنگە.

سەرنجبدە، بەخیرایی، لەگەڵ کەمبوونەوەی رۆڵی ئەمریکاو کۆتاییهاتنی عەمەلی یا رەسمی داگیرکردنی عیراق هیزهاوسەنگی بەقازانجی ئیسلامییەکانو ناسیونالیزمی عەرەبی تیکدەچێ. ئەمجارە لەسەر بنەمای نەفرەتێکی قەومیو مەزهەبی کە لەمیژووی عیراقدا بێوێنەیە ئەوەی کەلەرواندا بینیمان لەچاوئەوەی کەئەتوانرێ لەعیراقدا رووبدات وەکو یاری منالانە دێتەبەرچاو. خەلکی عیراق لەسەر بۆمبیك دانیشتوون. بۆمبی نەفرەتو کینەو قەلشتی قەومی ومەزهەبی. فتیلەی ئەم بۆمبە بەخیرایی لەحالی سووتاندایە، وە ئەم بۆمبە درەنگ یا زوو دەتەقیتەوە وخەلکیکی زۆر دەبنەقوربانی. سەربەخۆیی کوردستان ریگایەکی بەرگرتن بەم ئاگرە وبەم رەوتەیە. ناسیونالیزمی کوردو عەرەب ورەوتە ئیسلامییەکان، لەپیناوی گەیشتن بەئامانجی حەقیرانەیاندا خەریکی باوەشێنکردنی ئەم ئاگرەن.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقو کۆنگرەی ئازادی عیراق تەواوی هەولی خۆیان خستۆتەکار لەپیناو گۆرینی وەزعەکە بەباری بەرژەوەندی خەلکدا، بۆ برینی دەستی ئەمریکا، رەوتە ئیسلامییەکان وناسیونالیزمی عەرەبی وکوردی بەسەر ژیانی خەلکەوە. هەموو هەولێ ئیمە لەپیناوی بەهیزکردنی خەلك ودەسەلاتپەیداکردنی ئەواندایە بەسەر موقەددەرات وژیانی خۆیاندا، بۆ پیکهینانی هێزێکی عەزیمی خەلکی بۆ تیکشکاندنی هەموو ئەم خولقینەرانی بەدبەختیو مالویرانیی خەلکی عیراقە. بەلام کات بەخیرایی تێدەپەرێو تێکرای سیناریۆی هەلبژاردن وهەلبژاردنی جەلال تالەبانی بۆ سەرکۆماری عیراق پەلەی دووکەلیکە بۆئەوەی خەلکی عیراقو جیهان چاویان ئەو کارەساتە نەبینێ کە خەریکە دروستدەبێت.

***کۆمۆنیست:* ئۆپۆزیسیۆنی راستی ئیران دەلی، هەڵبژاردنی جەلال تالەبانی لەبەرژەوەندی دەسەلاتگرتنی بێعەمامە پرۆرۆژئاواییەکانی دەروونی حکومەتی ئیراندایە لەهەلبژاردنی داهاتوودا، ئیوە دەلین چی؟**

*کورش مودەرسی:* لەنەبوونی هیزیکی لەچەشنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقو کۆنگرەی ئازادی عێراقدا کەدەستی ئەمریکا ورەوتە ناسیونالیست وئیسلامییەکان بەسەر ژیانی خەلکەوە کۆتا بکات، وە لەسەر ئەرزی واقع بەبەهیزکردنی خۆیو خەلك دەسەلاتی ئەمانە بەرتەسك کاتەوە، بەپیچەوانەی ئەوەی کەئۆپۆزیسیۆنی راستی ئیران ئیدیعای دەکات، هەلبژاردنی تالەبانی لەعیراقدا دەبێتە سەرەتایەك بۆ بەدەسەلاتگەیشتنی رەوتە ئیسلامییەکان لەو وولاتەدا. ئالوگۆریك کەهەر لەحزبەیەکی لەگەلٚ خوینو زووخاوی خەلکی عیراق بەعەرەب وکورد وتورکەوە تیکەلاودەبێ. ئەمە ئاسۆیەکی ترسناکە لەبەرامبەر خەلکی عیراقدا.

بەلام ئەمەی کە گوایە بەپیچەوانەی عیراقەوە، هەلبژاردنی تالەبانی ئەبیتەهۆی هاتنەسەرکاری بێعەمامەیەکی ئیسلامی لەبەرامبەر عەمامەبەسەرەکاندا لەهەلبژاردنی داهاتووی ئیراندا، ئەمە ئیتر خۆشخەیالییەکی داماوانە. ئۆپۆزیسیۆنی راست بەم ئومیدەوە ئەژی کەهەرچی خیراتر "هاوتای" خۆی لەناو دەزگای جمهوری ئیسلامیدا پەیدابکات تابتوانێ لەریگەی ئەوەوە لەگەلٚ دەزگاکانی جمهوری ئیسلامیدا بە ساتوسەودایەك بگات بۆ وەلانانی ناونیشانی جمهوری ئیسلامیو رەنگە چەند ئاخوندیکیش وە هێشتنەوەی سەرتاپای دەزگای تاوان ودزی جمهوری ئیسلامی. ئۆپۆزیسیۆنی راست لەپیناوی پاریزگاری لە"حکومەتی نەزم وقانوون" بەسەر سەری خەلکەوە پیویستی بەم دەزگا دەولەتییە ئامادەیە هەیە. دوینێ ئومیدەواربوو عەمامەبەسەرە لیوبەخەندەکانی لەبابەتی خاتەمی ئەم کارە ئەنجامدەن، ئەمرۆ ئومیدەوارییەکەی گرێداوە بەبێعەمامەکانی هەمان بابەتەوە. بەبروای من ئەم لیکدانەوەیە هەلە، وەفریودەرانەیە. ئەیانەوێ بەخەلك بلین گیرەشێوێنی مەکەن خۆمان خەریکین بەهاوکاری ئەمریکا کاریك بکەین کەپیویست بە"زەحمەت" و"ماندووبوونی" ئیوە نەکات. دەنا زۆر دوورە عەقلیکی سەلیم قبولٚبکات کە ریك لەکاتیکدا کە دووەمی خورداد(مەبەست رەوتی محمد خاتەمییە-و) لەناوچووە، وەلەکاتیکدا کەئەمریکا لەعیراقدا بەدەست جمهوری ئیسلامییەوە گیری خواردووەو تەنانەت ناتوانێ ناچاری بکات دەست لەبەرهەمهینانی چەکی ئەتۆمی هەلگرێ، وەلەحالیکدا کە سیناریۆی هەلبژاردن لەعیراق مەیدانەکەی بەباری بەرژەوەندی رەوتە ئیسلامییەکاندا وەرچەرخاندووە، جمهوری ئیسلامی رووی خۆش نیشانی ئەمانە بدات. ئەم ئیدیعایەی ئۆپۆزیسیۆنی راست پشتی بە لێکدانەوەی وەزعەکە نەبەستووە نییە. بەلکو کەمپینیکی سیاسییە. کەمپینیکە بەمەبەستی ئەوەی خەلك دووربخەنەوە لەدەسبردن بۆ کاری توندوتیژی وەیا راپەرین. لەپیناوی رازیکردنی خەلکدایە بۆ ملدان بەسیاسەتیکی چاوەروانی کە ئەنجامەکەی دەکاتە کارەساتیکی هەمەلایەنە بۆ خەلکی. ئیمە ئەم وەزعەمان بەدوورودریژی لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی لەپەیوەند بەریفراندۆم، جەنگو لەناوبردنی جمهوری ئیسلامیدا باسکردووە.

***کۆمۆنیست:* راستی ئۆپۆزیسیۆن دەلی ئەگەر بتوانێ بەهاوکاری ئەمریکا تالەبانی بهینریتەسەرکار، کەواتە لەئیرانیش ئەمکارە کردەنییە، ئیوە چی دەلین؟**

*کورش مودەرسی:* بەهاوکاری ئەمریکا ئەکرێ زۆر کار ئەنجامبدرێ. لەوانەیە بکری سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بکرێتە سەرکۆمار، رەنگە بکرێت رەزاپەهلەوی بکریتەوە بەشا، مومکنە جمهوری پاشایەتی!! دروستبکرێ. پرسیارەکە ئەمە نییە کە چ کەسیك ئەتوانێ بەدەسەلات بگات. ئەکرێ بۆمبیکی ئەتۆمی بەتاراندا بدرێ کە حەتمەن جمهوری ئیسلامی دەسبەجێ تەسلیم دەبێ. پرسیارەکە ئەمەیە کەچی بەسەر خەلکیدا دیت؟ ئەگەر پرۆژەی کەسیکی وەکو تالەبانی بەسەرکۆماربوونو بە شابوون بێ، ئەمەش هەروەکو کیشانی بۆمبیکی ئەتۆمی بەتاراندا ریگایەکە. بەلام بەنیسبەت خەلکەوە دەسەلاتگرتنی تالەبانی لەسەر بنەمای رۆژرەشی خەلکی عیراق فەراهەمبووە. ئیمە، لەو بەیاننامەیەدا کەلەوەلامی پرسیاری پیشوودا باسم کرد، روونمانکردۆتەوە کەبۆچی دەخالەتی سەربازی ئەمریکا شیرازەی کۆمەلگا لەئێران لەبەریەکدەترازینێ. ئەم ریگایە ریگای عیراقیزەکردنی ئیرانە. لەم نیوەدا بیگومان کەسانێ بەنان ونەوایەك دەگەن، دەبنە شا، سەرکۆمارو وەکیلو وەزیر. بەلام ئەمە نەخشەو گەلالەی داماوکردنی خەلکی ئێرانە. تەنها ریگای دەربازبوون لەکارەساتیك کەلەکەمیندایە بۆ خەلکی ئیران راپەرینی خەلکە لەدژی جمهوری ئیسلامی وبەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیانە.

***کۆمۆنیست:* ئایا سەرکۆماریی تالەبانی گۆرانکاری بەسەر جیگاوریگای کۆمۆنیزمی کریکاریدا دەهێنێ لەعیراقدا؟**

*کورش مودەرسیێ:* بەهۆی تەبلیغاتی ناسیونالیزمی کوردەوە، لەوانەیە بەشێ لەخەلکی کوردستان ئەمە بەسەرکەوتنی خۆیان بزانن. یاخود ناسیونالیستەکان بتوانن خەلك رازیکەن بەوەی کەدەبێ هەر هەمان سیاسەتی ژیانکردن لەنێو کێشمەکێشو درز وکەلەبەری دەولەتەکاندا دریژەپێبدرێو لە "خێروبێرەکەی" بخۆنو ببنە وەزیر ووەکیل. تالەبانی لووتکەی ئارەزووی ناسیونالیزمی کورد نوینەرایەتی دەکات بۆ شەریکبوونەوە لەدەسەلاّتدا، وە ئەمرۆ زیاتر لەهەر کەسیکی تر قارەمانی ئەم ناسیونالیزمە، بەتایبەت خویندەوارانی کوردە. بەلاّم ئەم جیگاوشوینە ناجیگیرە وکارەساتەکە لەکەمیندایە. ئەم بارودۆخە بیگومان کاریگەری خراپ دادەنێ لەسەر کاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراقو ئەرکەکانی زیاتر دەکات. بەلاّم ئەم کاریگەرییە دەکرێ کاتی بێت. ئەمرۆ ئایندەی عیراق زیاتر لەهەر شتیکی تر بەستراوەتەوە بە ئەنجامی هەولی ئیمەوە بۆ ریکخستنی کۆنگرەی ئازادی عیراق. ئەمە کاریکە کەئیمە خەریکین ئەنجامی دەدەین.

**وەرگیراو لەپاشکۆی (کمونیست) ژمارە33**